# (ڕاپۆرت بۆ گریکۆ) و سەرچاوە مەعریفییەکانی کازانتزاکیس




**هاشم سەڕاج**

«ڕاپۆرت بۆ گریکۆ» کتێبی بەنێوبانگی «نیکۆس کازانتزاکیس»ـەو دلاوەر قەرەداغی لە فارسییەوە بۆ کوردی وەری گێڕاوە، ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا بە شێوازی گێڕانەوەی یادەوەرییەکان نووسراوە، یان بە شێوازێکی تر نیکۆس کازانتزاکیس هەوڵی داوە دوورترین یادەوەرییەکانی قۆناغی منداڵی تۆمار بکات، ئەگەرچی لە دوابەشی ئەم کتێبەدا هاتووە کە کازانتزاکیس لێرەدا بیرەوەرینامەی خۆی نانووسێتەوە، بەڵکو ڕاپۆرتێک لە بارەی ژیانی خۆیەوە دەداتە باپیرەی «ئێل گریکۆی نیگارکێشی بەنێوبانگی بە ڕەچەڵەک کرێتی»، من لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵ دەدەم بەشێک لەم یادەوەرییانە تۆمار بکەم کە نیکۆس بە گەرموگوڕییەوە دەیانگێڕێتەوە، وەک لە «سەرەتا»کەی «هێلین. کازانتزاکیس»دا هاتووە کە لە بارەی «نیکۆس کازانتزاکیس» نووسیویەتی و دەڵێت: کازانتزاکیس لە خودا دەپاڕایەوە کە ١٠ساڵی تریش مۆڵەتی بدات تا کارەکەی تەواو بکات، هەروەها پێی وایە ڕاپۆرت بۆ گریکۆ تێکەڵەیەکە لە واقیع و ئەندێشە، بەڵام کازانتزاکیس لە «بەر لەپێشەکی»دا جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ڕاپۆرتەکەی بۆ گریکۆ ژیاننامە نییە، بەڵکو هەوڵدانێکە بۆ «هەڵگژان» لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی تر بە مەبەستی گەیشتن بە باڵاترین خاڵێک کە پڕاوپڕ بێت لە ئیرادەو سەرکێشی، بۆیە کۆتایی بەر لە پێشەکییەکەی بەم ڕستە شیعرییانەی خوارەوە دوماهی دێنێت.

– خودایە من کەوانێکم لەنێو دەستتدا، ڕامکێشە تا نەڕزێم.

– خودایە زۆرم ڕامەکێشە تا نەپچڕێم.

– خودایە زۆرم ڕاکێشە، دەلێگەڕێ با بپچڕێم.

لە شوێنێکی تردا دەڵێت: ئاخر گریکستان هەویرێکە لە خاک و خۆڵی کرێت، هەمان ئەو هەویرەی کە منی لێ شێلراوم، هاوکات هەوڵ دەدات زەینی بە خەبەر بێنێتەوە تا یادەوەرییەکانی بیربێتەوە، دەکرێت بڵێم ڕاپۆرتێک بۆ گریکۆ کێشە و ململانێی منی نووسەرە کە لە پاییزی تەمەندا لەگەڵ مەرگ ڕووبەڕوو دەبێتەوە، ئیتر ئەوە دڵەڕاوکێی مەرگە ئەو ئازادییە بەنیکۆلاس کازانتزاکیس دەبەخشێت تا وردترین و دوورترین یادەوەرییەکانی بنووسێتەوە و بەوپەڕی بێ باکی ڕووداوەکان بخاتە ڕوو:

نیکۆس لەم نووسینەیدا زۆر پابەندی خاک و خۆڵی «کرێت»ـە

[.. ئەم خۆڵەی کریت لەنێو لەپی دەستما دەهێڵمەوە.. خاک بۆنێکی خۆشی گرتووە، چنگێ خۆڵی کریتیم لەنێو لەپی دەستدا بوو] وێڕای ئاماژەدانی بە تەیرگەلێکی وەک کەو و قژ قڕە...تاد لە بابەتی «پێشینان»دا بەشێوەیەکی سەیر لە باپیرانی دەدوێت یەکسەر ئەم بابەتە دەقی شیعری «خوێنی پیس»ی «ئارسۆر ڕامبۆ»م بیردێنێتەوە، [باپیرانم لە باوکەوە لە ئاودا چەتەی خوێنڕێژی زەریا بوون و لەسەر وشکانیش جەنگاوەر، نەترسیان لە خوداوەند هەبوو، نە لە ئینسان.. لە دایکیشەوە باپیرانم جووتیارانی دڵ و دەروون پاک بوون...]، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە باپیرانی لە باوکەوە زۆر بە توندی ڕەگیان لەودا داکوتیوە [هەست دەکەم هێشتا خوێنی باپیرە گەورەم بە شادەمارەکانمدا دەگەڕێ.. باپیرەم پێشی سەری دەتاشی، پرچێکی هۆنراوی درێژی لە دواوە هەبوو، لەگەڵ چەتە زەریاییە جەزایرییەکاندا بووە هاوڕێ و هێرشی بۆ زەریا ئازادەکان دەبرد، هەندێ لەو کەشتییانە خەڵکانی موسڵمانیان بەرەو مەککە دەبرد، هەندێکی تر مەسیحییەکانیان بەرەو تەوافی مەرقەدی موتەهەر دەبرد، چەتەکانی دەریا بەزەییان بە موسڵمان و مەسیحییەکاندا نەدەهاتەوە پیرەمێردەکانیان بە قەمە دەکوشت، جحێڵەکانیان بەدیل دەگرت سواری ژنەکانیش دەبوون و ئەوجا هەمدیس بۆ پەناگەکانیان دەگەڕانەوە]. کەشتییەکان بارەکانیان بە زۆری گوڵاو و هێل و دارچین و میسک و داوودەرمان بوو، نیکۆس دەڵێت نەسەبی بابم دەچێتەوە سەر گوندێک بەناوی «بەربەری» کە دوو سەعاتێک لە «میگالۆ کاسترۆ»وە دوورە، کاتێ لە سەدەی دەیەمدا «نیفوروس فۆکاس»ی ئیمپراتۆری بیزانس «کریت»ی لە عەرەبان پاک کردەوە، ئەو عەرەبانەی لە کوشتن ڕزگاریان بوو بەسەر چەند گوندێکدا دابەش بوون، ئیدی ئەو گوندانە ناونران «بەربەری».

لە گوندێکی وەک ئەو گوندانەدا بوو کە باپیرانی بابم ڕیشەیان داکوتی، هەموو ئەوانە سروشتی عەرەبانیان هەیە.. لەخۆبایی، کەللەڕەق، کەم دوو، زاهید و گۆشەگیر، ساڵانێکی درێژ ڕق و ئەڤین لەدڵیاندا دەهێڵنەوە، نیعمەتی گەورە لای ئەوان ژیان نییە، بەڵکو ئاشووب و شەڕە، لەوپەڕی سەرخۆشیدا دەماری خۆیان دەبڕن، یان دەبنە چەتەی زەریا، یان ئەو ژنە دەکوژن کە خۆشیان دەوێت، نەبا ببنە دیل و کۆیلەی، یان وەک من منی نەوەی بێ جەوهەر، یان هەوڵ دەدەن تاریکی بکەنە ڕوح، ئاخۆ من باپیرە دڕندەکانم دەکەمە ڕوح.. نیکۆس کازانتزاکیس بە وردی لەو گەشتەی دەدوێت کە بە سواری حوشترەوە چووەتە بیابانی عەرەبستان و جیهانی بیابان و شەپۆلی لمی بێ سنوور و سروشتی دارخورما- دەخاتە ڕوو، دواتر لە «فلۆرۆس»ی شوانکارە دەدوێت کە چۆن هەموو بەرەبەیانییەک بە ڕیشە ڕەنگ خورماییەکەیەوە دەهات و مەڕەکانی دەلەوەڕاند و بوتڵێک شیر و هەشت هێلکەی کوڵاو و کەمێک نانی بۆ دەهێناو دەڕۆیشت، نیکۆس ئەوکاتە لە کوختێکدا خەریکی شیعر نووسین بوو، فلۆرۆس دەیگوت خودا بمانپارێزێت ئەرێ ئەم هەموو نامە نووسینە بۆچی؟ مەگەر هیلاک نابیت؟ پاشان لە قاقای پێکەنینی دەدا.

دواتر نیکۆس بە وردی لە بە هەدەر ڕۆیشتنی ئاو و ئاگر و خوێ دەدوێت و جوانی و پاکی ئەو کیژۆڵەیەی دێتەوە یاد کە لە شارێکی گەورە و لەبەر باراندا گوڵە وەنەوشەی دەفرۆشت، پاشان ئەو وەهمە دەدرکێنێت، [وەهمی ئەوەی کە لە دەمارەکانما دوو جۆر خوێن دێن و دەچن، خوێنێکی گریکی لە دایکمەوە و خوێنێکی عەرەبیش لە بابمەوە]، هەروەها لە بابەتی «باوک»دا چەند ڕووداوێک دەگێڕێتەوە کە چۆن باوکی چەشنی ئەسپ بەسەر کابرای تورکدا دەحیلینێ کە پاوانێکی ناوەتە کۆڵ مەسیحییەک، یان لە ڕووداوێکی تردا چۆن شمشێرەکەی لە دەستی کابرای تورک دەرکێشاو ڕێیماڵەوەی گرتەبەر، باوکی نیکۆس مرۆڤێکی تووڕەو کەمدوو بوو، کاتێک خزم و هاوسێکان دەهاتنە ماڵیان یەک پیتی لە زار دەرنەدەچوو، سیغارێکی دەپێچایەوە و بە دیاریانەوە دادەنیشت.

هاوکات ڕقی لە قەشەکان دەبووەوە، تەنیا قەدیس «میناس»ی خۆش دەویست، دەچووە ژووری و بەرانبەر ئەیکۆنەکەی قەدیس «میناس» مۆمێکی دادەگیرساند، چونکە قەدیس میناس قارەمانی «میگالۆ کاسترۆ» بوو.. نیکۆس دەڵێت: لە دایکمم پرسی.. دایکە باپیرەم شێوەی چۆن بوو.

– هەر عەینەن بابت، نەختێک ئەسمەرتر.

– ئیشی چ بوو؟

– جەنگ

– ئەی لە ئاشتیدا خۆی بە چییەوە خەریک دەکرد؟

– سەبیلێکی درێژی قانگ دەدا و لە کێوەکانی دەنۆڕی، نیکۆس دەڵێت باپیرم زۆر ژنی خۆشویستبوو، کاتێ تورک کوشتیان کەسوکاری باوڵەکەیان کردەوە باڵشتێکیان تێدا دۆزییەوە کە پڕی بوو لە کەزی و پرچی ڕەش و زەرد.. لە بارەی

دایکییەوە دەڵێت: دایکم قەدیسێک بوو بۆ خۆی، پێم سەیرە چۆن توانیویەتی ماوەی پەنجا ساڵ لە پاڵ شێرێکدا بنوێت، هەروەها لە باپیری باوکی دایکی دەدوێت کە چۆن لە گوندە زۆر دوورەکەیەوە دەهات و لە جەژنی کریسمیسدا، بەچکە بەرازێکی برژاوی لە توێکڵە لیمۆوە پێچراوی لەگەڵ خۆی دەهێنا، دەڵێت هانی دەدام کە ئارەزووی مەرگ نەکەم تا مردووەکانی ناوەوەم نەمرن، دەیگوت ئەگەر ژنێکی باشت هەبێت، ئەوە هەژاری و ڕووت و ڕەجاڵی چ نین!، بەڵام بابم تاقە کەسێک بوو کە خۆشی بەو باپیرەم نەدەهات، بابم ڕقی لە چاوی شین بوو، دەیگوت «شەیتان چاوی شین و قژی سوورە»..

نیکۆس لە منداڵییەوە شەیدای درەختی ئەکاکیایە، کاتێک ئەو درەختە گوڵی دەگرت و حەوشەی ماڵەکەمان پڕ لە بۆنێکی خۆش دەبوو. نیکۆس ڕووداوێکی تر دەگێرێتەوە و دەڵێت لە شەوێکی باران و هەورە تریشقەدا لە شوێنێکی قەرەباڵغدا باوکم داوای لە دایکم کرد کە گۆرانی بڵێت: بە دایکمی گوت «مارگێ گۆرانییەک بێژە، مۆڵەتی دایە دایکم گۆرانی بڵێ لە کوێش لەبەردەم ئەو هەموو پیاوەدا، کەوتە گۆرانی چڕین، خودایە چ گۆرانییەک قووڵ و شیرین، خەمین، پڕاوپڕ لە سۆز،.. بەڵام نازانم بۆچی لە خۆمەوە ڕقم هەستا... هەروەها نیکۆس لە سەماکەی «سورمێلینا» دەدوێت و دواتر هەمان دیمەنی سەمای سورمێلینا لە هۆتێلی ئۆرینت لە «تفلیس» لە ژنێکی هیندیدا دەدۆزێتەوە، کە سەما دەکات و ئەستێرەکان بە ژوور سەرییەوە دەدرەوشێنەوە، ئینجا لەنێو دنیای یادەوەرییەکانیدا دەگەڕێتەوە قۆناغی منداڵی و دوورترین بیرەوەری دەخاتە ڕوو کە بریتییە لە چرکەساتی ژنێکی هاوسێیان بەنێوی «ئانیکا»ی تازە بووکی چاو کاڵی کەزی درێژ، ئەوکاتە تەمەنم سێ ساڵ بوو لە حەوشە یاریم دەکرد، ئانیکا نووشتایەوە و لە باوەشی گرتم، منیش سەرم خستە نێو مەمکۆڵانییەوە و بۆنی جەستەیم هەڵمژی و هاڵاوی بۆنێکی گەرمی چڕوتیژی شیر ئاوێتە بە ئارەقە لە جەستەی نۆ بووکەوە هەڵدەستا، ئەو هاڵاوە ڕژایە ناخمەوە و لە هۆش خۆ چووم ئیتر لەوە بەدوا هەرگیز لە باوەشیدا ڕاینەدەنیشاندم. ئیتر بەم جۆرە بە عەرد و زەریا و ژن و ئەستێرە ئاشنا بووم، هەروەها لە دیارییەکەی باوکی دەدوێت کە باوکی بە بۆنەی ساڵی نوێوە، کەنارییەک و گۆیەکی وەک دیاری بۆ کڕیوە، هەروەها چرکە خۆشەکانی هەڵمژینی بۆنی شیلەی ترێ، کە لە خانووە گەورەکەی دراوسێکەیاندا ترێ دەگوشراو دنیا پڕ لە بۆنی شیلەی ترێ دەبوو.

نیکۆس دەڵێت بیرمە لە دەورانی منداڵیدا ئاڵوباڵوو و گێلاسم لە هەر میوەیەکی تر خۆشتر دەویست، دەڵێ دوو ساڵان بووم خەڵکم لە ڕێگەی بۆنییەوە دەناسییەوە، دایکم، باوکم، خاڵەکانم، ژنە دراوسێکان هەریەکەیان بۆنی تایبەتی خۆیان هەبوو، بە بۆن مەسیحی و تورکم دەناسینەوە، ماڵێکی میهرەبانی تورک دراوسێمان بوو، کە ژنی ماڵەکە بۆ ماڵمان دەهات بە بۆنەکەی دڵم تێکەڵدەهات ناچار چڵێک ڕێحانەم بۆن دەکرد، یان گوڵێکی ئەکاکیام دەترنجانە کونە لووتمەوە، بەڵام ئەم ژنە تورکە کچێکی چوار ساڵانی هەبوو کە ناوی ئامینە بوو، بۆنێکی سەیری لێ دەهات نە تورکی بوو نە گریکی، بۆنێک لە لووتمدا خۆش بوو، یادەوەری خۆی لەگەڵ ئامینەی چکۆلە دەگێڕێتەوە، نیکۆس هەمیشە گوێ بۆ دەنگی دڵی هەڵدەخات و یادەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی دەگێڕێتەوە، ئەو ڕۆژەی لەگەڵ یەکێک لە خاڵۆکانی سەردانی گۆڕستانی گچکەی کڵێسای قەدیس ماتیۆ دەکات چاوی بەو گۆڕهەڵکەنە دەکەوێت کە ئێسکوپرووسکی نێو گۆڕێک دەردێنێت، پاشان کەللەسەرێک لەسەر لێواری گۆڕەکە دادەنێت، دواتر کەللە سەرەکە بە دەستەوە دەگرێت، خاڵۆی پێی دەڵێت ئەمە کەللە سەری «ئانیکا»یە، نیکۆسی منداڵ یەکسەر دەداتە پڕمەی گریان، ئەمە هەمان دیمەنی شانۆنامەی «هاملێت»مان بیردەخاتەوە، کە کابرای گۆڕهەڵکەن کەللەسەرەکەی بەدەستەوەیە، ئانیکا چ شۆخێک بوو؟ چ بۆنێکی خۆشی لێ دەهات، هەروەها لە قۆناغی خوێندنی سەرەتاییدا.. لە خەسڵەتی یەکەیەکەی مامۆستاکانی دەدوێت، مامۆستا پاترۆپۆلۆس هیچ کات شوڵکەکەی دەستی دانەدەنا «تیتیرۆس».. ڕۆبینسۆن کرۆزۆ»ی بۆ دەخوێندینەوە، ئینجا نیکۆس بە وردی لە وانەی مێژووی پیرۆز و حیکایەتی پێغەمبەرانی نێو تەورات دەدوێت و ڕووداوی حیکایەتەکان دەیتۆقێنێت، لەو حیکایەتانەدا برا برای دەکوشت و باوک کوڕە تاقانەکەی سەر دەبڕی.. ئەگەر پرسیارێکت لەم بارەیەوە لە مامۆستا بکردایە، ئاماژەی بۆ قامچییەکەی دەکرد ئەو ڕۆژەی مامۆستا لە ژیانی مەسیح دەدوا، لە پڕێکدا «نیکۆلیۆس»ی قوتابی بە یەهوزا نێوزەد کرد، ئەو قوتابییە لەو ڕۆژەوە وازی لە قوتابخانە هێنا، دواتر کازانتراکیس لە یەکەیەکەی

دراوسێکانیان دەدوێت، خاتوو «ڤیکتۆریا»، خاتوو پتڵۆپ، جەنابی «مانۆسۆس»، ئەندریاس، دکتۆر پریکلیس، هەروەها لە چۆنیەتی مردنی باوە گەورە «بابی دایکی» دەدوێت.

هەروەها لە بابەتی کرێت لە بەرانبەر تورکیادا، کێشەی نێوان تورک و مەسیحی دەخاتە ڕوو، چۆن تورکەکان لە کرێت قەتڵوعامی مەسیحییەکان دەکەن، یان سەرەتا چۆن نیکۆسی گەنج ڕوو لە چیای ئاتوس دەکات و دەیەوێت ببێتە قەدیس و کابرای بەلەمەوان پەشیمانی دەکاتەوە، یان ئەو ڕۆژەی لەگەڵ باوکی دەچێتە شانۆ و شانۆگەری چەتەکانی شیللەر دەبینێت، بەڵام بەردەوام لە کەسایەتی قەدیس «میتاس» دەدوێت کە چۆن خەڵکی میگالۆ کاسترۆی لە هەڕەشەی تورکان دەپاراست، بە تایبەتی لە زەبر و زەنگی «حەسەن بەگ» کە دوژمنی مەسیحییەکان بوو، ئەی ئەو ڕۆژەی مەسیحییەکان لە گوند ئاغایەکی بەناوبانگیان کوشت، تورک بەناو میگالۆ کاسترۆ کەوتن و قەتڵوعامیان کردن، ئیتر خانەوادەی نیکۆس بەرەو گریکستانی ئازاد دەڕۆن و لە دوورگەی ناکۆس نیشتەجێ دەبن، لەوێ باخی «لازارۆس» و جوانی «ستیلا»ی کیژۆڵە و کێشەی نێوان کاسۆلیک و ئەرسەدۆکس، نیکۆس لەوێ لە قوتابخانەیەکی فەرەنسی دەخوێنێت و هەوڵ دەدات فەرهەنگێکی فەرەنسی- گریکی دابنێت، کە فەرهەنگەکە تەواو دەکات، قەشە «پیرلورن»ی بەڕێوەبەری قوتابخانە زۆر ستایشی دەکات، کەچی قەشە «پییر لاورێنت»ی نەوسن و قۆز و چاو باشقاڵ-ی مامۆستا و یاریدەر فەرهەنگەکەی لێ وەردەگریت و بەدەم و چاویدا دەکێشێت و دەڵێت تۆ منداڵیت، یان پیرەمێرد، ئەم کارە چییە کردووتە و کاتی خۆت بە فیڕۆ داوە لە باتی ئەوەی پێ بکەنیت و گەمە و میبازی بکەیت، دەچی فەرهەنگ دادەنێیت، گەر تۆ بەڕاستی کرێتیت بڕۆ فەرهەنگەکە بسووتێنە و خۆڵەمێشەکەیم بۆ بێنە، نیکۆس دەڵێت من لەنێوان بیروبۆچوونی ئەم دوو قەشەیەدا گینگلم دەدا، دواتر فەرهەنگەکەم سووتاند، بەڵام خۆڵەمێشەکەیم کۆ نەکردەوە، چونکە پییر لاورێنت مردبوو، یادەوەری ئەو کاردینالە کاسۆلیکییەی کە جبەیەکی ڕەشی ئاوریشمینی بە ڕیشاڵی سووری پۆشیبوو، کە دەیەوێت نیکۆس بێتە سەر ئایینزای کاسۆلیکی و زۆر هەوڵی لەگەڵ دەدات، بەڵام بەردەوام قارەمان میخاییلی باوکی هانی دەدات کە دەسبەرداری خۆشەویستی «کرێت» نەبێت و هاوکات خوێندنی تەواو بکات، نیکۆس بەردەوام بیر لە بوون و مردن و لەدایکبوون دەکاتەوە، کەچی دوای مردنی «کراساکیس»ی مامۆستای، ئیتر مەرگ بەم شێوەیە سەرسامی ناکات، هەندێک جار شەپۆلێکی هێزی بوونگەرایی زەینی داگیر دەکرد، پرسیاری لەخۆی دەکرد و بیری لە ماهییەتی خودا دەکردەوە و لەخۆی دەپرسی کە ئێمە لە کوێوە هاتووین و بۆ کوێ دەڕۆین؟ ماوەیەکی زۆر خوو بە مەینۆشییەوە دەگرێت و ڕوو لە مەیخانەی ماسیگران دەکات و تا ڕادەی بەدمەستی دەخواتەوە، یان ڕوو لە تیاترۆخانەی جەنگاوەران دەکات و بە تاکی پاپووجی ژنە گۆرانیبێژێک شەمپانیا دەخواتەوە.

هەروەها لەگەڵ چەند برادەرێکی «ئەنجوومەنی هاوڕێیان» دادەمەزرێنن و بەدواداچوون بۆ کاری نادادپەروەری دەکەن و داکۆکی لە ستەمدیدەکان دەکەن، دواتر لەگەڵ کیژە ئێرلەندییەک دەبێتە دۆست و بەیەکەوە شیعرەکانی «کیتس» و «بایرۆن» دەخوێننەوە، پاشان لەگەڵ کچە ڕوو لە چیای «پسیلۆریتی» دەکەن و تا لە ترۆپکی چیاکەوە سەیری کرێت بکەن، کاتێ دەگەنە ترۆپک لەوێ سێکس دەکەن، زۆربەی ئەم یادەوەرییانە لە ڕۆمانەکانی نووسەردا ڕەنگیان داوەتەوە، بە تایبەتی ڕۆمانی مەسیح سەرلەنوێ لە خاچ دەدرێتەوە، هەروەها لە یادەوەرییەکان ڕۆژانی «ئەسینا»دا کۆمەڵێک ڕووداو دەگێڕێتەوە، ڕۆژانی زانکۆ لە ئەسینا و وانەکانی کۆلێژی مافناسی و دیمەنی زەیتوونەکانی ئاتیکا و کەنداوی سارۆنیک و چرکەکانی هۆگری و برادەرانی، دیمەنی هاوڕێ قوتابییەکەی کە شیعری لە بارەی مانگ دەنووسی و ڕۆژێ ئەو گەنجە لە دەرەوەی پەرستگەی «کایسیاریانی» دەدۆزنەوە کە خۆی بە پەلکی دار زەیتوونێکدا هەڵواسیوە، یان ئەو شەوەی لە کرێت لە گەڕەکی تورکەکان ڕەت دەبێت، گوێ بۆ گۆرانییەک هەڵدەخات کە ژنێک بە دەنگێکی خەمین و «ئامان ئامان» دەچڕێت و تێیدا عیشق و مەرگ ئاوێتە دەبن

نیکۆس لە ئەزموونی نووسیندا زۆر جەخت لەسەر ڕەگەزی خەیاڵ دەکاتەوە، هەروەها ئەو سەردانەی بۆ خاکی دێرینی کنۆس لەگەڵ قەشەیەکی ڕوخۆشی کاسۆلیکی و وەسفی پەرستگەکەو دواتر گەیشتن بەو خانەقایەی کە دەروێشەکانی جەخت لەسەر سەما دەکەن، [هەر کەسێک سەما نەزانێت، ئەوە ناشتوانێ نوێژ بکات. مەلایکەتەکان بە زمانی سەما لەگەڵ خوداوەند

دەدوێن، لێرە بابەتێکی گرنگی زمانەوانی دەورووژێنێت، کە ئەم بابەتە بە دوورودرێژی لای «ئیبن عەرەبی» باسی لێوە کراوە، قەشەی برادەری نیکۆس پرسی.. چ ناوێک لە خوداوەند دەنێت؟

دەروێش: خوداوەند ناوی نییە، خوداوەند لە چوارچێوەی ناودا جێی نابێتەوە، ناو زیندانە، بەڵام خوداوەند ئازادە، دواجار گوتی «هووە» ناوی دەنێم هووە نەک خوداوەند، هەمدیس لە سەما دەدوێن، [سەما نەفس دەکوژێت، کاتێک نەفسیش دەکوژرێت، ئیدی هیچ کۆسپێک لەبەردەم پێوەندی گرتن بە خوداوە نامێنێت].. یان زیارەتکردنی کرێکستان کە لەگەڵ هاورێکەی دەچنە مەیخانەوە، دەخۆنەوە، ئینجا دەچنە تاقیکردنەوە و وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە و بە نمرەیەکی بەرز لە تاقیکردنەوەکە دەردەچن، لەم بەشەدا لە هێما ئەفسانەییەکان و خوداوەندەکانی گریک دەدوێت، زیۆس، باخوس و دەشتی جوانی ئەسپارتا و گوڵە جۆراوجۆرەکان، هەروەها لە جوانی کڵێسای پانداناسا هاتوچۆی ژنە ڕاهیبەکان و ئینجانە پڕ مێخەکەکان دەدوێت، ئینجا دەنگی زەنگی کڵێسا و هاتنی شەوی هەینی خەمین و گوڵبارانکردنی مەسیح و سەرسامبوونی بە پۆلێک قرقژە، هاوکات بە وردی و بە زمانێکی شیعری شارستانیەتی گریکستان دەخاتەڕوو، لە هەمان کاتدا لە شەڕی ناوخۆی گریکستان دەکۆڵێتەوە و بوغز و کینەی نێوان دیموکراتەکان، ئاریستۆکراسەکان، زاڵمەکان کە چۆن یەکتریان لەنێو بردووە، ئاماژە بە چەمکی وەرزش دەدات کە چۆن پێویستییەکی شارستانییە، یان پێویستییەکی شارنشینییە، کە وەک ئەندامێکی کۆمەڵگە پێویستە وەرزش بکات، دواتر باس لە گەشەی جەستەو ڕوح و عەقڵ دەکات و چەند گوفتارێکی یۆرپید و هیراکلیتس بە نموونە دێنێتەوە و قۆناغی «هیلینستی»یش بە قۆناغێکی زۆر بڵێی و بێ باوەڕی لە قەڵەم دەدات و دەڵێت لەتوپەت بوونی گریکستان بە جەنگی پلوپونزەوە دەستی پێ کرد، لە هەمان کاتدا ڕستێک هێمای میتۆلۆژی پێناسە دەکات، بەڵام نیکۆس کازانتزاکیس لە گەشتەکەیدا بۆ ئیتاڵیا، لە ڕێنیسانسی ئیتاڵیاو سەرچڵییەکانی خۆی دەدوێت کە ئەوکات تەمەنی ٢٥ ساڵ بووە و ئەو گەشتەی کردووە، بە وردی لە جوانی شاری فلوڕەنسا و تابلۆ و پەیکەرە بەناوبانگەکان و شیعرەکانی دانتی دەدوێت.

نیکۆس دەڵێت حەزم دەکرد ماڵێکی چکۆلەم لە ڕۆخ دەریا هەبوایە لەگەڵ کەنارییەک لە قەفەسدا و ئینجانەیەک ڕێحان، دواتر هەر لە ئیتاڵیا باس لە هەردوو سەرکێشییە سێکسییەکانی خۆی دەکات یەکەمیان لەگەڵ پیرێژنەکەی گوندی «کالابریا» و ئەوەی تر لە ناوچەی ئاسیزی و لەگەڵ «کۆنتیس»ی خانمە بەساڵاچوو، کە دواتر لەسەردانی دووەمدا کە لە ئسپانیاوە دێتە لای، کۆنتیس سەردەنێتەوە، نیکۆس کازانتزاکیس لە گەشتەکەیدا بۆ کێوی ئاتوس، سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ یادەوەرییەکانی گەشتەکەی ئیتاڵیا، بیر لەو هونەرمەند و داهێنەرانەی سەردەمی ڕێنیسانس دەکاتەوە، کە دوای خولقاندنی ئەو هەموو تابلۆ و نیگارە دانسقانە، ئێستا گشتیان لە ژیان نەماون و لەژێر خاکدا ڕزیبوون و ئاوێتەی خۆڵ بوونە، دواتر بیر لە ڕووناکبیرانی کرێت دەکاتەوە کە زۆربەیان خەریکی دەمارگیری و ململانێی توڕەهات و لە پاشملە زەمکردنی یەکتر و لووتبەرزین، بە تایبەتی زۆرترین کاتیان بۆ بوختان هەڵبەستن و دووفاقێتی تەرخان کردووە.

نیکۆس ئەوکاتە لەگەڵ چرکەکانی ئۆدیسە و نیسفۆرس فۆکاس و مەسیح دەژیا، دواتر لە «کیفیسیا» لەگەڵ شاعیرێکی قۆزی هاوتەمەنی خۆی یەکتر دەناسن، ئەو شاعیرە گەنجە کە دەقی لیریکی دەنووسی، هێندە قۆز و ئێسک سووک بوو، هاوکات بە شێوەیەکی سەیر بەخۆی و بەهرەکەی دەنازی، شاعیرێکی لەخۆبایی هەمیشە بە وشەی «من» دەدوا، بێ ئەندازە حەزی بەوە بوو، کە خەڵکی خۆشیان بوێ و پێیدا هەڵبڵێن، شاعیرە گەنج و لەخۆباییەکە لەگەڵ نیکۆس لە خانوویەکی لادێیی ڕۆخ زەریا بە یەکەوە دەژیان و دانتی و تەورات و هۆمەریان دەخوێندەوە، شاعیرەکە ڕۆژێکیان چەشنی «ئەلیەشع»ی پێغەمبەر هەوڵی دا مردوویەک زیندوو بکاتەوە، بەڵام دواجار سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، لەم بەشەدا نیکۆس لەو گەشتە دەدوێت کە لەگەڵ شاعیرەکە بەیەکەوە ڕوودەکەنە کێوی ئاتوس، ئەم گەشتە زیاتر گەشتێکی لاهووتییە و سەردانی چەندان دەیر و کڵێسا و مەزاری پیرۆز و شوێنە ئایینییە دێرینەکان دەکەن و تا دەگەنە ترۆپکی کێوی ئاتوس.

سەرەتا حەز دەکەم ئەوە بڵێم ڕەنگە ئەو شاعیرە گەنجە، پاشان لە ڕۆمانی «زۆربا»دا هەمان کەسایەتی «سەرۆک» بێت، کە دواجار «زۆربا» سەنتورەکەی خۆی بۆی بەجێ دێڵێت، ئیتر لەم گەشتە لاهووتییەدا بە چاوی خۆیان دنیای قەدیس و ڕاهیب و قەشە و پیاوە ئایینییەکانی

مەسیحی دەبینن و لەچۆنیەتی بیرکردنەوەیان دەگەن، کە زۆربەیان مرۆڤی مەرگدۆستن و دژی جوانی جەستە کار دەکەن و خەریکی زوهدو عیبادەشن، هەندێک لەو ڕاهیبانە بەشێوەیەک دژی ئافرەت دەدوێن وەک ئەوەی ئافرەت لە نەوەی شەیتان بێت، لەم گەشتەدا زۆر باسی جوانی مەلی «توکا» دەکرێت کە مەلێکی ڕەنگاوڕەنگی دەنووک درێژە، زۆرجار لە ڕووی جوانی و پاکییەوە بە مەسیح دەچوێنرێت، سەرەتای گەشتەکەیان بەسەومەعەکان دەست پێ دەکات، سەومەعەی ئیڤیرۆن، ستاڤرۆنیکیتا، پانتۆکرا تۆرۆس، ڤاتۆ پیدی، دوای ئاشنابوونیان بە ژیانی قەدیس و زاهید و ڕاهیبەکان، نیکۆس باوەڕ بەوە دێنێت کە دەبێت ڕێوڕەسمێکی نوێ بە ئایینی خودا و خوداپەرستی ببەخشیت، چونکە ئەوان لە کێوی پیرۆز و لە کڵێسا و سەومەعە دێرینەکان چەندان دیمەنی سەیریان بینی، چەند ڕاهیبێکی ورگ زل و زۆرخۆری ڕوومەت سوور هەڵگەڕاو دەمیان بۆنی سیرێکی وای لێ دەهات کە بەرگە نەدەگیرا، یان مرۆڤگەلێکی ڕیشن بەردەوام خەریکی عیبادەتبوون و پشتیان لە خۆشییەکانی دنیا کردبوو، هەڵبەتە دەیر و کڵێساکان پڕن لە شتگەلی دێرین و کۆنینە، لەنێو سندووقە کۆنەکان پارێزراون، بەڵام نیکۆس لە ناخڕا دەگاتە ئەو باوەڕە کە لە ژیاندا دادپەروەری بوونی نییە، چونکە لە کۆمەڵگەدا یاسای جەنگەڵ پراکتیزە دەکرێت، کەواتە «یان دەبێت بخۆیت، یان دەبێت بخورێیت»..

ئەوان بەدووان لە دەیرێکەوە خۆیان بە دەیرێکی تردا دەکرد، دەیری کاراکالو، فیلۆسیۆ، ئاجیا لاڤراس، ژووری شمەکی پیرۆز و جلوبەرگی کاهینەکانی کڵێسا، قوتووی جوانی پڕ لە خاچ و ئێسکوپرووسکی مردووان، جلوبەرگی سەربازی «نیفۆروس فوکاس»یان پیشان دان.. تا لەگەڵ پاپا لۆکاس گەیشتنە ترۆپک، یان دوندی پیرۆز، دواتر ڕۆژێکیان لە ستۆدیۆی نەقاشی ئایۆسافیۆدا بەسەر برد کە «دە» ڕاهیبی وێنەکێش لەوێ کاریان دەکرد، پاشان دەیری سانت پاوڵ، نیکۆس دەڵێت ئیمرۆ هاوڕێکەم دڵی خۆشە، قاقا پێدەکەنێت پێم گوت دەوری چینییەکی تووڕە ببینە، ڕیزی وشەی بەچینی لە زار هەڵدەڕشت، عارەبییانە عیشق بکە، چەند ڕستەیەکی بە عەرەبی دەردەبڕی، هەست دەکەم لەم بڕگەیەدا سەرۆک ڕۆڵی «زۆربا» دەنوێنێت، بەڵام سەیرترین و تراژیدیترین دیمەن لە خەڵوەتگە کێوییەکانی «کارولیا» بەرچاو دەکەوێت، ئەو گەمییانەی کە بەرێکەوت لەوێ ڕەت دەبن لەتێک نان و چەند دەنکێک زەیتوون دەخەنە ناو زەمیلەکانەوە تا زاهیدە خەڵوەتنشینەکان لە برسان نەمرن، لەوێ زاهیدەکان لاواز و بنێس بەرەو شێتی دەچوون، پێیان وابوو باڵی چکۆلەیان لێ ڕوواوە، بە هەڵدێرەکەدا دەفڕن و دەکەوتنە خوارەوە، هەر بۆیە کەناری خوارەوە پڕ بوو لە ئێسکوپرووسک، هەندێک لە زاهیدەکان هێندە لاواز بوون لە تارمایی دەچوون، سەری بێ قژ و کەللەسەریان دەبریسکایەوە، ئەوانە ئازاری جەستەیان دەدا تا ڕوحیان هەڵکێشێت و بە میهرەبانی خودا بگەن، هەڵبەتە نیکۆس کازانتزاکیس لە دەسپێکی یادداشتەکەیەوە وەک مرۆڤێکی نائارام و نیگەران دەردەکەوێت و هەمیشە لە ڕێگای خوێندنەوە و گەشتە دوورودرێژەکانییەوە بەدوای واتای بوون و هۆکارەکانی تراژیدیای بوون ئەو دڵەڕاوکێ لاهووتییەدا دەگەڕێت کە سەرتاپای دەروونی داگیرکردووە، دواتر لەگەڵ قەشە ئیگناتیوس دەکەوێتە گفتوگۆ، ئیگناتیوس لای نیکۆس دان بە تاوانەکانی خۆیدا دەنێت و لە جوانی و چێژی جەستەیی ئەو ئافرەتە دەدوێت کە بەر لە چل ساڵ سێکسی لەگەڵدا کردووە.. دەڵێت ئاخۆ دەکرێت گوناهیش لە خزمەتی خودادا بێت؟ ئینجا نیکۆس دەستی هاوڕێکەی دەگرێت و دەڵێت ئانجیلۆس بە درێژایی ئەو گەشتەمان گەلێک پرسیار دڵی ئازار داوین، هاوڕێکەی شیعرێک بە دارچوالەیەکدا هەڵدەڵێت: «سەیری کە.. دار چوالە چرۆی کرد و پشکووت، نیکۆس دوای گەڕانەوەی لە کێوی ئاتوس، ئەم جارە بەرەو ئۆرشەلیم» سەرهەڵدەگرێت.

سەرەتا لە نزیک شاخەکانی مەکدۆنیاو لە گوندێکی وێران و لە کوڵبەیەکدا ژیان دەگوزەرێنێت و جگە لە ئینجیلەکان و شیعرەکانی هۆمەر، هیچی تری پێ نییە، لەم بەشەدا زۆر لە خاچدانی مەسیح و هەینی پیرۆز و ئازارەکانی مەسیح و مەریەمی مەجدەلییە دەدوێت. جەخت لەسەر دوا ڕستەی مەسیح دەکات (خودایە، خودایە، بۆچی بە تەنیا جێت هێشتم»، کەچی دەیەوێت بڕوات و سەفەر بۆ فەلەستین بکات «ئەو شتە بدۆزمەوە کە لە کێوی پیرۆز بێ هوودە لە دووی گەڕاوم».. ئەم بەشە خۆی لە خۆیدا نۆڤلێتێکە، زۆر بە وردی لە «بەحرولمەیت» و توندوتیژی «یەهوە»ی خوداوەندی ترسناک و هەردوو شاری «سودوم و گۆمورە» دەدوێت و ڕووداو و بەسەرهاتە تراژیدییەکان شی دەکاتەوە، هەروەها لە چەمکی سێو و چێژ و غەریزە و مەرگ دەکۆڵێتەوە، کاتێک دەگاتە

بیابان و کێوی سینا بەشێوازێکی شیعری لە جوانی و نهێنی و توندوتیژییەکانی بیابان دەدوێت، کێوی سینا، زەریای سوور، ئەرەبیا پێترا، بەندەری ڕایسۆ، جەلیل، ئینجا لەگەڵ سێ وشترەوانی دژداشە لەبەری عەرەب، توعمە و مەنسوور و عەواد بەڕێ دەکەوێت- لە بیابان تۆفانی لم ئازاریان پێ دەگەیەنێت و بە هەمان ئەو ڕێگایانەدا دەڕۆن کە سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر قەومی بەنی ئیسرائیل بۆ هەڵهاتن لەسەر زەمینی بە پیتی فیرعەون گرتبوویانە بەر، لێرە لە خەسڵەتەکانی یەهوەی بێ بەزەیی و تووڕە و ترسناک دەدوێت و هەست دەکات تەورات خوێنی لێ دەتکێت، «یەهوە.. خودای ڕقهەڵگر و تۆڵەستێن و خوێنخۆری قەومێکی تاقانە، بەرەو دەیری سینا و بەرزاییەکەی «میدیان» دەڵێ شەو لە قەبرستانێکی موسڵمانان ڕۆژمان کردەوە، لەبەردەم مەزاری شێخدا چادرمان هەڵدا، ئاگرێکمان کردەوە، وشترەکانیش نزیک بوونەوە و ملیان بەسەرماندا شۆڕکردەوە، ئارەقی خورمامان خواردەوە و چامان دەم کرد، ئینجا بەدووەکان حەسیرێکیان لەسەر بەفرەکە ڕاخست و ڕوویان کردە مەککە، کەوتنە نوێژکردن، مەنسوور و توعمە و عەواد بە جۆرێک نوقمی جەزبە بوون...

بەم جۆرە نیکۆس کازانتزاکیس لەم بەشەدا بە وردی و بە زمانێکی وەسفئامێز لە مزگەوت و دەیر و دار و بەرد و بیابان و گەرما و هەندێک شوێنی عاسێی سینا دەدوێت کە بەفری تێدا دەکەوێت و لێرە یەکە یەکەی ڕستە و بیرۆکەی نێو تەوراتی بیر دەکەوێتەوە، ژیانی مووساو کچەکانی «جوستنیان» خەزووری مووسا و «یەشاع» پێغەمبەر و «سامۆییل» و چیای «کەرمل» لە جیهانی دێری سینا دەدوێت و ئەو ڕاهیب و قەدیسانەی لەوێ کە بەدوای میهرەبانی خودادا دەگەڕێن، کەچی نیکۆس لەم گەشتەشدا لە گومان و دڵەڕاوکێکانی ڕزگاری نابێت و هەست دەکات ئەم کۆمەڵە ڕاهیب و قەشە و قەدیسانە سەرقاڵی ڕوح و مەرگدۆستینە، بە تایبەتی ئەوکاتەی لەگەڵ باوکە «یەواکیم» لە بارەی ژیانی دنیایی و مەحەببەتی خودا و ئاخیرەت دەدوێن، هەروەها لە بناری «کێوی سینا» مزگەوت و کڵێسا لە تەنیشت یەکن و زیارەتکارانی موسڵمان و مەسیحی بێ کێشە و گرفت سرووتی ئایینی ئەنجام دەدەن، کەواتە نیکۆس لە زەمەنێک دەدوێت کە تێیدا ئایین خەسڵەتە ڕوحانییەکەی پاراستووە و جارێ شێوازی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و دووبەرەکی وەرنەگرتووە و مرۆڤەکان وێڕای جیاوازی ئایینی، بڕوایان بە پێکەوە ژیان هەبووە، نیکۆس دووجار بڕیار دەدات ببێتە ڕاهیب یەکەم جار کابرای بەلەمەوان پەشیمانی دەکاتەوە، دووەم جار باوکە «یەواکیم»..

هەمدیس دەگەڕێتەوە کریت و ڕستەکەی یەواکیمی بیر ناچێتەوە کە پێی دەڵێت [بگەڕێوە دنیا، لەم دەوروزەمانەدا، دنیا دەیری ڕاستەقینەیە]. نیکۆس کازانتزاکیس تا ئێرەو هەتا کاتێک لە گوندەکانی «کریت»یش دەگەڕێت و لە ماڵی قەشەی گوند میوان دەبێت کە کوڕەکەی جوانەمەرگ بووە و لەگەڵ ئەوەشدا ڕێزی لێ دەنێت و حەز ناکات بە مەرگەساتەکە بزانێت، نیکۆس لە دڵەڕاوکێیەکی میتافیزیکی و لاهووتیدا دەژیت و وەک مەسیحییەکی نیگەران بیردەکاتەوە، بەڵام کاتێک دەگاتە «پاریس» بە ڕێکەوت کچێک بەرهەمە فەلسەفییەکانی «نیتشە»ی پێ دەناسێنیت، لێرەوە و لە ڕێگەی نیتشەی دژە مەسیحییەوە دووچاری سەرسوڕمان دێت، نیکۆس حەز دەکات، زوو وانەکانی «سۆربۆن» تەواو بێت تا شەوانە کتێبی زەردەشت وای گوت و سۆپەرمانی بکوژی خوداوەند بخوێنێتەوە، نیتشە و گەڕانەوەی تا هەتایی، جگە لە قووڵبوونەوەی لە فەلسەفەی شۆپنهاوەر و پێوەندییەکەی نێوان ڤاگنەر و نیتشە، لوسالوم و نیتشە، یان چەمکی دیۆنیزیۆس و تراژیدیا لای نیتشە، [هونەر حەقیقەتی ترسناک بە وێنەی جوان جوان دەپۆشێت]، هەروەها تراژیدیای بیری یۆنانی و سوکرات، چەمکی سۆپەرمان، هاوکات ئاشنایەتی لەگەڵ فەلسەفەی بریگسۆن پەیدا دەکات و لە سەیرووەری زەمەن دەکۆڵێتەوە و بیر لە چرکەکان دەکاتەوە، یان چەمکی هێز لای نیتشە و واتای ویست لای شۆپنهاوەر.. نیکۆس دەڵێت [برینگەلێک کە نیتشە کردنییە ناخمەوە برینگەلی قووڵ و پیرۆز بوون] ئەو ماوەیەی پاریس لە ژوورێکدا خۆی گۆشەگیر دەکات و بەردەوام دەخوێنێتەوە هەتا خاوەن خانووەکە وادەزانێت شێت بووە بە مرۆڤێکی سەیرونامۆ لە قەڵەمی دەدات، بەڵام کە دەگاتە «ڤییەننا» لە هەمان باری نیگەرانیدا دەژیت و کاتێک لە شەمەندەفەر دادەبەزێت، یەکسەر قاچی هەڵدەخلیسکێت و سەری بە عامودێک دەکەوێت و دەبوورێتەوە، کە بە ئاگا دێتەوە خۆی لە نەخۆشخانەدا دەبینێتەوە، لەوێ لەسەر سەرینی نەخۆشخانە کە چەند «هایکۆ»یەک دەنووسێت، ئەو دەڵێت و پەرستیارەکە بۆی دەنووسێتەوە، دووبارە سرووت و وانەکانی بووزا دەخوێنێتەوە و گوێ

بۆ ڕیتمی ناوەوەی هەڵدەخات، لێرە نیکۆس بە وردی لە جیهانی نیرڤانا و بودا و چوار توخمەکە و ڕوح و جەستە دەدوێت و هەست دەکات هەموو شتێک- گیا و حەشەرە و ئاژەڵ و ئینسان- ڕووەو فەنابوون دەڕۆن [لە ڕێگەی هاوسۆزییەوە خۆمان لە جەستەمان قوتار دەکەیت، پەردەکە دەدڕێنێت و یەکانگیری عەدەم دەبێت لە عیشقی نێوان بوداو ئاناتدا دەدوێت] ئەم جارە وەک بوداییەکی نیگەران لە ژیان دەڕوانێت و هەم حەز دەکات لە هەموو کۆسپ و تەگەرەیەک ئازاد بێت، هەم بیر لە چەمکی ڕوح و گوناح دەکاتەوە، کاتێک عاشقی «فریدا»ی کچە جوان دەبێت، بڕیار دەدات شەوێکی سێکسی لەگەڵیدا بەسەر بەرێت، کەچی لە پڕێکدا سەروچاوی دەئاوسێت، بەردەوام ڕۆژی ژوانەکە دوا دەخات.

کە سەردانی دەروون شیکارەکە دەکات پێی دەڵێت تۆ تووشی نەخۆشی «دەردە زاهید» بوویت، پێویستە ئەم شارە جێ بێڵێت ئەنجا چاک دەبیتەوە، بەسەرهاتی زاهیدەکەی بیابانی «تیبس»ی بۆ دەگێڕێتەوە، کاتێک ڤییەننا جێ دێڵێت و دەگاتە بەرلین ڕوخساری بە تەواوەتی دەنیشێتەوە، هۆکاری ئەم دەردە گوێڕایەڵبوونی جەستەیە بۆ ڕوح و ترس و لەرزە لە «گوناح»ی جەستە، بەڵام نیکۆس کازانتزاکیس لە بەرلین هەوڵ دەدات وەک بوداییەکی کراوە لە ژیان و جوانی ئافرەت بڕوانێت، لەوێ کچێکی بلووز پرتەقاڵی خۆش دەوێت، من ناوم ساریتایە، جوولەکەم و شیعر دەنووسم، دەمێک لە مەسیح و یەهوەی ترسناک دەدوێن، پاشان شەوێکی دەگمەنی سێکسی لەگەڵ ساریتا بەسەردەبات، ئیتر تا دێت بەرەو شەراب و ژن دەکرێتەوە، ڕوودەکاتە هۆڵی سەما «سەما لە جاوەوە» ئەو کوڕە هەرزەکارە پێست ڕەشەی لەبەردەم ژنێکدا سەما دەکات، دواتر ژنە چ جۆرە سەمایەک دەکات، واتە نیکۆس لێرەوە تا دێت هزر و بیرکردنەوەکانی ئاشنایەتی لەگەڵ ژیان و ڕەوتی ژیاندۆستی قووڵتر دەبێت، پاشان لە موزەخانەی ئینتۆلۆژی کچێک دەناسێت بەنێوی ئەتیکا، کە کچە ڕووسێکی کۆمۆنیستی جوولەکەیە و «لینین» بە پەیامبەری خۆی دەزانێت، هەر لە ڕێگەی ئەتیکاوە.. دینا و لیا و ڕووسا دەناسێت.

من لەم خوێندنەوەیەدا بۆ کتێبی [ڕاپۆرت بۆ گریکۆ] کە ٦٣٦ لاپەڕەی قەبارە گەورەیە، دلاوەر قەرەداغی بە زمانێکی داڕژانی شیعری وەریگێڕاوە، هەوڵ دەدەم سەرچاوە مەعریفییەکانی کازانتزاکیس دیاری بکەم و هاوکات لە چۆنیەتی پەرەسەندنی هزری شارەزابم، یان چۆن وەک مەسیحییەکی نیگەران لە بوون دەڕوانێت و دواتر نیتشەی دژە مەسیحی کاری تێدەکات، کەچی دووبارە خۆی لە نێو فەرمایشتەکانی بودادا دەدۆزێتەوە، بەڵام لە پڕێکدا لە ڕێگەی سێکس و شەراب و جوانی ژنەوە هێدی هێدی لایەنە ئایدیۆلۆژییەکانی ئایین تێکدەشکێنێت و چەشنی ژیاندۆستێک لە بوون دەڕوانێت و هاوکات بیر لە مەینەت و چەرمەسەری و تراژیدیای بەشەرییەت دەکاتەوە و بەدوای هۆکار و چارەسەری هەژاریدا دەگەڕێت، مەینەت و چەرمەسەری چینی هەژار، نیکۆس لەگەڵ «ئەتیکا»ی کچی جوانی خوێنگەرم بە گەڕەکە هەژارنشینەکانی «بەرلین»دا دەگەڕێن و بە چاوی خۆیان ژیانی پڕ کولەمەرگی و مەرگەساتی مرۆڤایەتی دەبینن، نیکۆس لە ڕێگەی ئەتیکاوە ڕووەو چێژی ژیان دەکرێتەوە، بە تایبەتی ئەو شەوەی لە ماڵی ئەتیکا بەیەکەوە سێکس دەکەن، [ئەو شەوە بووزا لە ناخمدا ڕەنگی پەڕی، ئیدی ئەوکات بۆم دەرکەوت کە دنیا تارمایی نییە، جەستەی ژن گەرم و تۆکمەیە و تەژییە بە تاوی ژیان و مەرگ چ بوونێکی نییە]، ئیتر بڕوا بەوە دەهێنێت کە [مەسیحییەت پێوەندی ژن و پیاوی خراپ کرد کاتێک بەهای «گوناح»ی بەو پێوەندییەوە لکاند، پێشتر ئەو پێوەندییە پیرۆز بوو.....]، ئەم بۆچوونەی کازانتزاکیس لە بنەڕەتدا پێوەندی بە ڕوانینێکی «نیتشە»وە هەیە کە دەڵێت لەگەڵ هاتنی ئایینی مەسیحی چەمکی «چێژ» بوونی خۆی لە دەست دا، واتە لە سەرەتادا چێژ هەبوو، ئەتیکا بەدرێژایی شەو دەسبازی لەگەڵ دەکرد کە ڕۆژ دەبووەوە نێوچەوانی بە یەکدا دەدا، لەم بەشەدا ئاماژە بە دەستەواژەیەکی «قەدیس تیریزا» دەدرێت کە دەڵێت [لەکاتی عیبادەت کردندا عیبادەت بکەن و لەکاتی کەو خواردنیشدا کەو بخۆن [تیریزاو خواردنی کەوێکی برژاو]، بەڵام هەمیشە هەست و ئازارێک دەروونی کازانتزاکیش ئەشکەنجە دەدات و بوونی خۆی سەرکۆنە دەکات و دەڵێت: بە خۆم گوت شایانی سەرزەنشتم کە ئەم هەموو برسێتی و زوڵمە لەدنیادا هەن، من بەرپرسیاری ئەوەم! لەم بەشەدا زۆر ئاماژە بە قەدیس فرانسیسکۆس- گەدای خودا- و قەدیس کلارا.. دەدوێت، ناسینی «جۆرگێنسین»، یان ئەو پیاوە دانیمارکییە کە کتێبێکی نایابی لە بارەی قەدیس فرانسیسکۆسەوە نووسیوە، گوتی منیش عاشقی قەدیس فرانسیسکۆس بووم، ئەنجا

سەفەری نیکۆس بۆ ڕووسیا و پێشوازیکردنی لەلایەن ئاتێکاوە، گەڕان و سووڕانی لە مۆسکۆ و «پەیکەری بچووکی لینین دەفرۆشن» ژیانی دەسگێڕەکانی شەقامەکانی مۆسکۆ و ڕستەی «ئەی کرێکارانی دنیا یەکگرن» بە خەتێکی سوور لە کلێسایەکی گەورە نووسراوە «ئایین ئەفیونی گەلانە» ناسینی شاعیری عاریف «نیکۆلای کلیۆف» سەردانی خەڵک بۆ بینینی لاشەی نێو شووشەی لینین، گۆڕەپانی سوور و لێدوان لەگەڵ ئەتیکا دەربارەی لینین و ترۆتسکی و ستالین، سەردانی «گۆرکی».. مەکسیم گۆرکی جگە لە زمانی ڕووسی چ زمانێکی تری نەدەزانی، لەگەڵ پانایت ئیستراتی سەردانی دەکەن، وەسفی کلێسای گەورەی ڕووسیا، پاشان نیکۆس چەند ڕۆژێک لە بوخارا دەمێنێتەوە و بە وردی باسی جوانی شەقام و کۆشک و تەلارەکانی ئەم شارە دەکات، مزگەوتی «گوگ قوببە» و مێزەری ڕەنگاوڕەنگی موسڵمانەکان و بۆنی یاسەمینی شەقامەکان.. «ڕیجستان» گۆڕەپانی بەناوبانگی بوخارا.. ئەم گۆڕەپانە جاران قەرەباڵغ بوو، موسڵمانان دەهاتن و شینی حەسەن و حوسێنیان تێدا دەگێڕا، کەچی ئێستا چۆڵوهۆڵ و مزگەوتە ڕەنگاوڕەنگەکەیش نیوە وێران بووە، نیکۆس بیروبۆچوونەکانی گۆڕانکاری بەخۆوە دەبینن.

بۆچوونی «ئیپافۆس»ی خوداوەندی تەماس پەسەند دەکا کە جەستەی لەلاوە باشترە لە تارمایی، تەنانەت دەیەوێت ڕوحیش بکاتە جەستە تا بتوانێت دەستی لێوە بدات، ئیتر دوای ئەو سێ مانگە و لە گەڕانەوەیدا بۆ گریکستان هەمدیس لە بەرلین و ڤییەننا لادەدات، پاشان سەردانی «بۆمبای» دەکات و بە وردی وەسفی ئەم شارە دەکات، نیکۆس بە تەواوەتی بڕوا بە ژیاندۆستی دەهێنێت، هەڵبەتە کازانتزاکیس ساڵی ١٨٨٣ لە دوورگەی کرێت لە دایک بووە و دوای تەواوکردنی کۆلێژی یاسا لە هەمان بوار لە سۆربۆن دکتۆرای وەرگرتووە، لە ئیتاڵیا بوو کە لە ئەسیناوە برووسکەی بۆ هات و داوای لێ کرا بچێتە قەوقاز و ئەو سەدان هەزار گریکییە لە مەترسی مەرگ ڕزگار بکات و بیانگەڕێنێتەوە گریکستان، لەم بەشەدا لە سێ شوێن باسی «کورد» دەکات [لە باشوور کوردەکان هەر گرێکستانییەکیان گرتبا بزماریان بە پێیدا دادەکوتی، لە باکوور بەڵشەڤیکەکان بە ئاگر و تەورەوە بۆیان دابەزیبوون، گرێکیگەلی خەڵکی باتوم و سوخۆمی و تیفلیس و قارس، ڕووت و برسی و نەخۆش لەو ناوەندەدا گیرۆدە بووبوون...تاد دواتر ئەم ڕووداوە لە ڕۆمانی «زۆربا» بەرجەستە دەکرێت، نیکۆس بە دووورودرێژی لە گریکییانی باتوم و گورجستان و ئەرمەنستان...تاد دەدوێت، کە چۆن لەو مەرگەساتە ڕزگاریان دەبێت و دەگەڕێنرێنەوە، گرێکستان، هاوکات لە جوانی شۆخترین ژنێک دەدوێت کە «جۆرجیانا باربارا»ی ناوە، بەیەکەوە لە کەنارێکی قەوقازی و لەنێو باخێکی پڕ لە دار حەیزەرانی شکۆفە کردوودا دادەنیشن و یەکتر لە ئامێز دەگرن، جوانی باربارا هەمیشە زەین و یادەوەرییەکانی نیکۆس داگیر دەکات، بەرلەوەی لە گەڕانەوەی کازانتراکیس بدوێم، حەز دەکەم دووبارە سەرچاوە مەعریفییەکانی دیاری بکەم، لەوانە «ئەلیادە و ئۆدیسە»ی هۆمیرۆس- هۆمەر-، کتێبە میتۆلۆژییەکانی گریک و ئەفسانە یۆنانییەکان، کە زۆرجار ناوی خوداوەند و کەسایەتییە ئەفسانەییەکان تێکەڵ بە دەستەواژەکانی دەکرێن، وەک پرۆمسیۆس، زیۆس، میدۆزا و دیۆنیزیۆس...تاد دواتر دووبارە ئۆدیسە دەنووسێتەوە، تەورات «عەهدی عەتیق» و چوار ئینجیلەکەی مەسیح، کتێبەکانی نیتشە، فەرمایشەکانی بودا، تا چرکەی گیانەڵا لەگەڵ وتەکانی بودا دەژیت، تیۆرەکانی «برگسۆن» دەربارەی زەمەن و فەلسەفە، کاریگەری نیکۆس بە کەسایەتی «لینین» و بیروبۆچوون و چاکسازی خوازییەکانی، گەشت و سەفەرەکانی بۆ وڵاتە جۆراوجۆرەکان، سروشت و دوورگە جۆراوجۆرەکانی یۆنان، تێڕامان لە دارودرەخت و گوڵ و تەیر و جیهانی ئەستێرەکان.

دواندنی پیر و بەساڵاچوانی گریکی، زۆرجار لەگەڵ مرۆڤە بە ئەزموونەکان دەدواو پرسیاری جۆراوجۆری لێ دەکردن، جەنگاوەرە پیرەکان، ڕاوچی و جووتیار و باخەوان و پیشەوەر.. بەڵام دوای گەڕانەوەی بۆ «کرێت» ناسینی کرێکارێکی پیر بەنێوی «ئەلیکسیس زۆربا» سەراپای ژیانی دەگۆڕێت و خۆی لە کەشوهەوایەکی دیۆنیزیۆسیدا دەدۆزێتەوە، مامی پارەی پێ دەدات تا نووسینگەیەکی پارێزەری لە کرێت بکاتەوە، کەچی پارەکە لەگەڵ زۆربا بۆ پرۆژەی کانەخەڵووز تەرخان دەکەن، نیکۆس دەڵێت زۆربا فێری کردم کە ژیانم خۆشبوێت و لە مەرگ نەترسێم، زۆربا خاوەندی ڕوانینێکی خۆڕسکانە بوو، قاقای پێکەنینە هەمەجییانەکەی کە لە قووڵایی ناخییەوە هەڵدەقوڵاو تەواوی بەربەستەکانی ڕەوشت، ئایین، نیشتمانی ڕادەماڵی، زۆربا سەنتووری دەژەنی و مەست دەبوو و

سەمای دەکرد، سەمای ڕاوچییەکان، سەمای قەسابەکان.. [لە کەناری کرێتدا لەگەڵ ژمارەیەک کرێکار بۆ ماوەی شەش مانگ عەردمان هەڵدەکەند گوایە بە دوای کانەخەڵووزی بەردیندا دەگەڕێین...] خەڵووزی چی چاوەڕێی ئاوابوونی خۆرمان دەکرد، تا سفرە ڕاخەین و شەرابی خەستی کرێتی بخۆینەوە و زۆربا بدوێ و منیش گوێی بۆ هەڵخەم..

زۆربا نیوە شەوان سەمای دەکرد و نەعرەتەی دەکێشا پرۆژەی کانەخەڵووز بە باچوو، بەرخێکمان برژاند، بەرمیلێکی چکۆلەمان پڕ کرد لە شەراب، لە کەناری زەریا و لەبەردەم کانەکەدا، سفرەمان ڕاخست و کەوتینە خواردن و خواردنەوە، زۆربا سەنتوورەکەی هەڵگرت، سپێدە لە یەکتر جوێبوونەوە، زۆربا بێوەژنێکی شۆخ و بە کەیفی بەناوی «لیوبا» هێناو بەرەو باکوور و لەنزیک «سکۆبلیجە» لە سربستان نیشتەجێ بوو، زۆربا بەردەوام نامە بۆ ڕەیس دەنێرێت، ڕەیس تۆ هەر کاغەز ڕەشکەرەوەکەی جارانیت، وەرە بەردێکی جوانی سەوزم بۆت دۆزیوەتەوە..

نیکۆس هەر لەم بەشەی یاداشتەکەیدا بەدڵەڕاوکێوە بەدوای دۆزینەوەی ڕیتمی ناوەوە و چرکەی نووسیندا دەگەڕێت، بەکێو و تەلانەکانی (کرێت)دا دەگەڕێت و لەداروبەرد و چۆلەکەکان ورد دەبێتەوە و لە دورگەی کرێت کەپرێک دروست دەکات و بەلەمێک ڕادەگرێت و سەوڵ لێ دەدا، بەڵام بۆ کوێ؟! بیردەکاتەوە و خەیاڵ دەیباتەوە و بەدوای چرکەکانی نووسیندا دەگەڕێت و چۆن دەسپێکی ڕۆمانی «زۆربا» بدۆزێتەوە، دواتر نامەیەکی پێ دەگات و دەزانێت «زۆربا» کۆچی دوایی کردووە، نیکۆس دەگاتە ئەو باوەڕە کە [ئینسان پەلەیەتی، بەڵام خودا پەلەی نییە، لەبەر ئەمەیە کارەکانی ئینسان شێواو و ناتەواون و کارەکانی خوداش ڕێک و تەواو]، هەروەها دەڵێت [داهێنان وەک ئەڤین گەڕانێکی ئەفسوونگەرانەیە لێوانلێوە لە بێ یەقینی و خورپەی کۆتری دڵ...] بڕواش وایە بنیادەم و ئاژەڵان بە هەمان یاسای ساکار بەڕێوە دەبرێن، چ قەڵافەتێکی خولقاویش لە گۆشت و تووک و ئێسک شک نابەم ترسێنەرتر بێت لە جەستەی ئینسان]، نیکۆس چرکە عاریفییەکانی لەم سێ دیمەنەدا دەبینێت کرم کە دەبێتە پەپوولە، تەیرەماسی کە لە ئاودا باز دەدات تا بەشکم لە سروشتی خۆی تێپەڕێنێت، کرمی ئاوریشمیش کە هەناوی خۆی دەکاتە ئاوریشم، هەڵبەتە ئەم دیمەنەی کرم کە دەبێتە پەپوولە لە کۆمێدیای خوداوەندی دانتی ئەلێجیریدا باسی لێوەکراوە، دواجاریش نیکۆس هەمان شاکاری دانتی وەردەگێڕێتە سەر زمانی یۆنانی، وێڕای وەرگێڕانی کتێبەکانی «نیتشە» و چەندان شاکاری تری ئەدەبی جیهانی، هەڵبەتە دوابەشی ئەم یادداشتنامەیە کە دوای مردنی نیکۆس کازانتزاکیس بڵاوبووەتەوە دیالۆگێکی خەونئامێزە لەگەڵ «ئیل گریکۆ»ی هونەرمەندی شێوەکاری ئیسپانی بەڕەچەڵەک کرێتی کە ساڵی ١٦١٤ مردووە.

لەم دیالۆگەدا نیکۆس جەخت لەسەر توخمی ئاگر و بڵێسە دەکات [بەڵکو ئاگر سەرەتابوو، لە کۆتاییشدا نە نەمری هەیە و نە پاداشت، نە بەهەشت هەیە و نەدۆزەخ، بەڵکو لە کۆتاییدا ئاگر هەیە، باپیرە گەورەی ئازیز ئێمە بەنێوان ئەو دوو ئاگرەدا سەفەرمان کرد] ئاماژە بە تابلۆی «ڕۆژی قیامەت»ی مایکل ئەنجیلۆ دەدرێت، ئەم گفتوگۆ خەونئامێزەی نێوان کازانتزاکیس و ئیل گریکۆ زۆرتر هەڵگری خەسڵەتێکی بودایییە، چونکە نیکۆس لە هەمان دیدگای بودایییەوە بەدوای ڕووناکی و بڵێسەی ڕەهادا دەگەڕێت و بەردەوام لە ڕێگەی زاراوەگەلێکی میتۆلۆژی گوزارە لە مەینەت و تراژیدیا و ژیان و چارەنووسی مرۆڤایەتی دەکات و بەدوای بنبڕکردنی ڕەوشی برسێتی و سەقامگیرکردنی دادپەروەری و ئازادی میللەتان و ئازادی تاکدا دەگەڕێت، چونکە ژیان بەبێ ئازادی لە «دۆزەخ»ی سەر زەمین دەچێت.

**سەرچاوە:**
**ناوی کتێب: ڕاپۆرت بۆ گریکۆ**
**ڕۆمانی: نیکۆس کازانتزاکیس**
**وەرگێڕانی بۆ فارسی: د. ساڵح حوسێنی**
**وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: مەمدوح عەدوان**
**وەرگێڕانی بۆ کوردی: دلاوەر قەرەداغی**
**بڵاوکراوەی ئاراس: ژمارە ٥٨٢**
**چاپی دووەم- هەولێر- ٢٠٠٧**
**دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس**